# ئەگەر سوجدەت برد؛ ئەوا ناولەپەکانت لەسەر زەوی دابنێ، وئانیشکەکانت بەرز بکەرەوە

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر سوجدەت برد؛ ئەوا ناولەپەکانت لەسەر زەوی دابنێ، وئانیشکەکانت بەرز بکەرەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئەگەر سوجدەت برد لەسەر زەوی ناو لەپەکانت بخە سەر زەوی وسونەتە ڕوویان لە قیبلە بێت وپێکەوە بلکێندرێن، وهەردوو باڵەکانت -قۆڵەکانت- بەرز بکەرەوە (لە سەر زەوی نەبن) بە شێوەیەک لە هەردوو تەنیشتی لاشەوە دووربن -لە هەردوو لای پەراسووەکانی لاشەوە دووربن-؛ چونکە ئەگەر بەم شێوەیە نوێژ بکات ملکەچی زیاتر دەبێت لە نوێژدا، ودوورتر دەبێت لە شێوازی تەمەڵەکان ودوور دەبێت لە خۆچواندن لە ئاژەڵەکان کە باڵەکانیان -پەلەکانیان- لەسەر زەوی دادەنێن؛ چونکە ئەگەر باڵەکانی بلکێنێتە لاشەیەوە یان بیانخاتە سەر زەوی نیشانەی تەمەڵی وگرنگی نەدانە بە نوێژکردن، وخۆ ئامادەنەکردنە بۆ ئەنجامدانی بە جوانترین شێوە، ولە فەرموودەیەکی تردا: مەیمونە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (كان -صلى الله عليه وسلم- يُجَافي يديه فلو أن بهيمة أرادت أن تَمر لمَرت) [مسلم] واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەندە بۆشایی دەخستە نێوان هەردوو باڵەکانیەوە -لە کاتی سوجدە برددا- وئەگەر ئاژەڵێک بیویستایە بە نێوانیان تێپەڕ ببێت؛ تێپەڕ دەبوو).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10927

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee